## کەرکوک و موسڵ چاوەڕوانی مانگی سوور ، یان گوللەی سوورن ؟

محەمەد ڕەفعەت

لە ژێر ناو نیشانی " کەرکوک چاوەڕوانی مانگی سوورە " لە ڕۆژنامەی حورڕیەتی تورکی ڕۆژی ٢٧ _٤_ ٢٠٠٣ دا هەواڵێک بڵاو کراوەتەوە . بە گوێرەی هەواڵەکە " عەبدوڵا گول " ی وەزیری دەرەوەی تورکیا بەشداری کۆنگرەی مانگی سووری تورکی کردووەو قسەوباسێکی پێشکەش کردووە و دەڵێت :
دوێنێ لە گەڵ هاونەتەوەکانمان لە کەرکوک و موسڵدا کۆبونەوەیەکمان کرد ، ئەوان چاویان لە ڕێگاوەیە ، چاوەڕوانی ئێوە دەکەن ،ئەوە ئێوەن کە لەوێ ئاڵای تورک و هیلالەکەی نیشان دەدەن . دەیبینن کە چۆن بە حەماسەتەوە ئینسانەکانی ئەوێ چاوەڕوانی ئێوە دەکەن . لەو پێناوەدا چی پێویستە دەبێت بە بەردەوامی بیکەین ، ئەوە نەتەوەی تورک و سەرجەم دونیا دەیبینێت .
تا ئێرە قسەکانی " گول "ە و دوا دێڕی هەواڵەکەی حورڕیەتیش لەدەمی " ئەرتان گۆنەن "ی سەرۆکی مانگی سوورەوە ڕاگەیەندراوە کە دەڵێت ڕۆژێک پێشتر پێنج لۆری و چوار ئەمبولانس لە ئاو ، خواردن وە کەرەستەی پزیشکیمان ناردووە .
هەرچەندە نازانین کە ئایا ئەم کاروانە یارمەتیە مرۆڤییەی مانگی سووری تورک درێژ کراوەی هەمان ئەو کاروانەیە کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر زیاتر لە بیست چەکدار و ئەندامی تیمی تایبەت " ئۆزەل تیمە " کانی تورکیاو کۆمەڵێکی زۆر چەک و تەقەمەنیان بەدیاری لەگەڵ ناردبوون و لەسەر لەڕێگای هەولێر کەرکوک لەلایەن سەربازە ئەمریکیەکانەوە گیران یان کاروانێکی ترە ؟ ئەگەر کاروانێکی ترە ئایا بەهەمان نرخی چەند ڕۆژ پێشتر ئەم کاروانەو کاروانەکانی دوای ئەمەش دەنێردرێن ؟ . هەروەها ڕۆژنامەکە ئەوەشمان بۆ ڕوون ناکاتەوە کە ئەو ئینسانانە کێن وە هۆکار و جۆری ئەو حەماسەتەش چییە کە " گول " مژدەی پێ دەداتە گروپی مانگی سووری تورکی کە لەوێ واتە " کەرکوک و موسڵ " بەرەوە ڕووی دەبنەوە ئەگەر ئاڵای تورکیان پیشان بدەن ؟ .
پەرێزەکە ڕوون و ئاشکرایە ، نە عەبدوڵلا گول لە چەند مانگی ڕابردووی بەدەسەڵات گەیشتنیدا لە ئامانج و پلانەکانی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان شتێکی بە نهێنی هێشتۆتەوە تا ئێمە بتوانین کە بڕوا و متمانە بە ئامانجە مرۆڤیەکانی بکەین ، نە مانگی سووری تورکی لە چەند ساڵی ڕابردووی کارکردنیان لە کوردستاندا وەک ڕێکخراوێکی مرۆڤی بێلایەن و پاک کاریان کردووە ، وە نە ئەو گروپەی کە بەڕێز گول بە " هاونەتەوەکانی لە موسڵ و کەرکوک " ناویان دەبات خاوەنی پەیام و هەڵوێستێکن کە نەزاهەتی سیاسی و ئینسانی تیا بەدی بکرێت .

لەسەرو بەندی دەست پێکردنی جەنگی ئەمریکاو عێراقدا وە لە گەرمەی سات و سەودای تورکیا لەگەڵ ئەمریکا لە بەرامبەر ڕێگەدانی بە هێزەکانی ئەمریکا تا لە خاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر ڕژێمی سەدام ، بەڕێز " گول " و حکومەتەکەی هیچ ڕق و قینەیەک نەما کە لە هەگبەی حیزبەکەی و حکومەتەکەیدا هەبوو لە دژی خەڵکی کوردستان ڕای نە گەیەنن و ئاشکرای نەکەن ، هەر لە پیلانی پەراوێز کردن ، نەناسین و دەستە بەر نەکردنی هیچ قەوارە و مافێک بۆ گەلی کورد لە عێراقدا ، وە داماڵینی چەک لە هێزە کوردیەکان ، تا دەگاتە ڕێگە گرتن لە گەڕانەوەی کوردە تەرحیل کراوەکانی کەرکوک و موسڵ و دەیان داوای ناهەقی تریش . دواتریش کە لەگەڵ ئەمریکا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک هێزێکی دەیان هەزار کەسییان لەسەر سنورەکانی کوردستان کۆ کردەوەوە و بە قەولی خۆیان لە حاڵەتی ئامادە باشیدا بوون بۆ ئەگەری هەر ساتێک هێرش کردنە سەر کوردستان و بەوەش ماوەیەکی زۆر نەک هەر فشاریان خستە سەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەڵکو بوونە هۆی پشێوی و نائارامی لە ناوچەکەدا و نیگەرانیەکی زۆری لای تێکڕای خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان دروست کردبوو . وە حاڵی حازریش ڕۆژانە لەلایەن ڕۆژنامەو میدیاکانیانەوە بوختان وتەوهین و سوکایەتی بە خەڵکی کوردستان و کەسایەتی و پارتە سیاسیەکان و هێزی پێشمەرگە دەکرێت وە هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر گەلی کورد ، ئەمە سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسیە بەردەوامەکانی ئەم وڵاتە لە پێناو دروست کردنی بەرەیەکی ئیقلیمی بۆ دژایەتی کردن ولەباربردنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان .

لەدەیەی ڕابردووشدا وە لە گەرمەی شەڕی ناوخۆیی و گەمارۆ ئابووریە هەمەلایەنەکانی سەر کوردستان ، مانگی سوری تورکی ، کەوتە قۆستنەوەی ئەم بارو دۆخە ناهەموارەی برسێتی خەڵک و ڕویان کردە وڵاتی ئێمە و لە بەرامبەر کەمێک یارمەتیدا مەرجی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییان دانابوو ، بە سەدان و هەزاران کەس لە خەڵکی هەژار و دەستکورت ناچار بوون بۆ بژێوی ژیانیان مل بەم داوایە بدەن و ئەمە بێجگە لەوەی کە پرۆسەی ناو نوسین و دابەش کردنی یارمەتیەکانیان لە ڕێگای گروپە تەڕەفدارەکانی تورکیاوە دەکرد و بەم شێوەیە لەژێر پەردەی یارمەتی یە مرۆڤییەکاندا پیلان و نەخشەیەکی تریان جێ بەجێ دەکرد .

هەرچی ئەوانەشە کە بەڕێز گول بە هاونەتەوەکانی کەرکوک و موسڵ ناویان دەبات ، ئاشکرایە کە خۆیان و گروپەکانیان لە چەند ساڵی ڕابردودا بە پارەوپول و پشتیوانی ماددی و مەعنەوی کێ کاریان کردووە ، وە لە بەرامبەردا چ ئەرکێکیان بەجێ گەیاندووە ، با لەوە تێپەڕین کە چ هەڵوێستیان لە سەر وشەو چەمکی کورد و کوردستان و حکومەتی هەرێم و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان هەبووە و هەیە ،

تەنها ئاماژە کردن بەو بانگەوازە ناڕاست و دروستانەی لە سەر قەتڵ و عام کردنی برا تورکمانەکان لە کەرکوک لەسەر دەستی کوردان و داواکردنی بەردەوامیان بۆ هاتنە ناوەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ کوردستان بەسە بۆ پێناسە کردنی ئەو گروپ و کەسانە .

خەڵکی کوردستان لە چەندساڵی ڕابردوودا ئەزموونێکی دڵخۆشکەریان لە گەڵ دەست تێوەردانە جۆراوجۆرەکانی تورکیا لە کارو باری کوردستاندا نییە ، تورکیا بەڕاشکاوی بە هەموو جیهانی ڕاگەیاندووە کە بە هیچ جۆرێک نایەوێت لە باشووری سنوورەکانی خۆیدا هیچ جۆرە قەوارەیەک بۆ کورد لە هەر شکڵێکدا بێت ببینێت " تەنانەت فیدراڵی و ئۆتۆنۆمییش " و لەم پێناوەشدا بە ئاشکرا سەفەربەرلکی خۆی ڕاگەیاندووە ، هەوڵەکانیشی لە ژێر هەر پەردەیەکدا بێت " هەوڵ دان بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی ئەقلیمی دژ بە گەلی کورد ، کۆ کردنەوەی هێز لە سەر سنورەکانی کوردستان ، ناردنی تیمی تایبەتی چاودێری کردن بە هاوئاهەنگی لە گەڵ ئەمریکادا ، بەنهێنی ناردنی ئۆزەل تیم و چەک و تەقەمەنی لە گەڵ کاروانی مرۆییدا ،قوت کردنەوە و دروست کردنی گروپ و باندی جۆراو جۆر لە کوردستان ، ناردنی یارمەتیە مرۆڤییەکان و دابەش کردنی تەنها بەسەر کەس و کاری گرووپە لایەنگرەکانی خۆیدا لەو ڕێگاوە بە هێز کردنی ئەو گروپانە " هەموویان دەچنەوە ئاقاری کۆسپ و تەگەرە پەیدا کردن لەبەردەم گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە ئاوات و ئامانجە ڕەوا و سەرەتاییەکانی خۆی و دەست تێوەردان لە کاروباری ناو خۆی کوردستان .

ئەگەر تا دوێنێ بە بیانووی گەمارۆی ئابووری و تاکە دەروازە بوونی تورکیا بۆ جیهانی دەرەوە ، بوونی هەڕەشەی سەددام ، ململانێ و شەڕی ناوخۆ و چەندان بیانووی تر زمانی خۆمان گەستبێت و دەستمان بەکڵاوی خۆمانەوە گرتبێت لەبەردەم ڕەشەبای هەڕەشە و دەستێوەردان و پێشێلکاریەکانی تورکیا ، ئەوا ئەمڕۆ زۆرینەی ئەم هاوکێشانە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا یەکلا بوونەتەوە ، هیچ پاساوێک نییە بۆ مشووری خۆ نەخواردن و هەڵوێست وەرنەگرتن و بە ئەعساب ساردییەوە تەماشا کردنی کاروانی تێکهەڵکێش لە خواردەمەنی وە هێزی تایبەتی و چەک و تەقەمەنی . مەگەر ئەوە دەست تێوەر دانێکی ئاشکرا و پێشێل کردنی سەروەری ئەم وڵاتە نییە ؟ ، ئەوە دەرچوون نییە لە هەموو عورف و ئەخلاقیاتێکی نێو دەوڵەتی ؟ .

کاتی ئەوە هاتووە کە هەردوو هێزی دەسەڵاتدار بە واقیعی خۆیان بە خاوەنی ئەم وڵاتە بزانن ، ئەمنیەت و ئاسایش و دەسکەوتەکانی خەڵک و سنوورەکانی کوردستان بپارێزن . ئەوەی کە چەند ڕۆژ لەمەو بەر لە ناو کاروانی "بەناو " یارمەتییە مرۆڤیەکاندا لە لایەن تورکیاوە بەڕێ کراوە دوو دەرزەن پاکەتی جگەرە

نەبوون تا قەناعەت بە پاسەوانانی زاڵگەکان بێنین کە نەیان دیتوون و بۆیە گومرکیان نەکردوون ، بەڵکو ئەوان دوو دەرزەن بەنی ئادەم و چەند دەرزەن تفەنگ و نارنجۆک و تەقەمەنی تر بوون .

با چیتر لە ئاست بێگانەدا خۆمان بە بچووک نەبینین ، یان دووای دونیایەک شکست و گورز خواردن هێشتا بە ساویلکەیی و دڵ سافی و نیەت پاکی تەماشای بەرامبەرمان بکەین ، ئەوەی کە لە ڕێگای هەولێر کەرکوک ڕووی دا لە یەکێک لەم دوو حاڵەتە دەرناچێت " یا خۆ بە بێ دەسەڵات و بچوک بینین یان بێ ئاگایی و دڵسافی ساویلکانە " ، ئەگینا ئەم کاروانە سەدان کیلۆمەتر و چەندان بازگەیان بڕیووە ، ئەگەر ئێمە خاوەنی سیادەی تەواوین بەسەر وڵاتی خۆماندا بەسەر شار و ڕێگاوبانەکانی خۆماندا ئەوا دەبێت لە دەروازەی هەر شارێک هەرکاروانێکی بێگانە بپشکنرێت و سەلامەتی هاووڵاتیان ئەم وڵاتە لەبەرچاو بگیرێت ، بەتایبەت کە ئێستا لەبار و دۆخێکی ئیستیسنائی دوای جەنگدا دەژین .

ئایا کاتی ئەوە نە هاتووە کە دەرهەق بە پرسە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەکەمان دووا قسە و بڕیار هی خەڵکی کوردستان و ئیدارات و هێزە سیاسیەکانی بێت ؟ ، ئایا دەبێت تا سەر دەروازە سنوریەکانمان ئاواڵە بێت بۆ هەر کەسێک کە بییەوێت لەژێر ناو و ماسک و دەمامکی جۆراو جۆردا خۆی بەژووردا بکات ؟ . ئایا پێویست ناکات کە لەسەر مەسەلەی یارمەتیە مرۆڤیەکان و بوونی ڕێکخراوی بیانی لە وڵاتەکەمان ، بڕیاری هاتنی یارمەتی بۆ وڵاتەکەمان یان نا ، ئەگەر بێت چ جۆرە یارمەتیەک بێت ، یارمەتی لە کێ وەربگرین ، میکانیزمەی دابەش کردنی ئەو ئارمەتیانە چۆن بێت و کۆمەڵێک ئەگەری تر هەڵوێستی تازە وەربگرین و بەرنامەی نوێ دابڕێژین ؟ .

هێزە کوردیەکان کە دروشمی برایەتی نەتەوایەتی و پێکەوە ژیانی برایانەیان بەرز کردۆتەوە ، بە تایبەت بۆ کەرکوک ، پێویستە هەموو هەنگاوێکیش هەڵبگرن بۆ ڕێ گرتن لە هەر هەولێک کە بە مەبەستی تەفرەقە نانەوە بێت لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەم شارە و ڕێگە نەدرێت کە یارمەتیەکان بەتەنها بدرێتە دەستی لایەن و گرووپێک ، لە کاتێکدا کە لەوێ ئیدارەیەکی هاوبەش و کۆمیتەیەکی هاوبەش هەیە ، یارمەتیەکان کێ دەگرێتەوە دەبێت ئەو لێژنە هاوبەشە بڕیاری لەسەر بدات ، نەک وەک ساڵانی ڕابردوو چەند گروپ و کەسانێک لەبەرامبەر یارمەتیدا لایەنگری خەڵک بۆ خۆیان بکڕن و ناسنامەی نەتەوەیی بە کەسانی لێ قەوماوو دەست کورت بگۆڕن .

ڕەنگە وەک ڕۆژنامەی حورریەت وتەنی خەڵکی کەرکوک چاوەڕوانی مانگی سووری تورکی بکەن بەڵام چ هاونەتەوەکانی عەبدوڵا گول و چ ئەوانەش کە هاو نەتەوەی ئەو نین ئەوە باش دەزانن کە لەپاڵ ئاو و خۆراک ودەرمان بڕێکیش گوللە و نارنجۆک و تفەنگ هاوکات لە گەڵ چەند پیاو چاکێکی هێزەتازەکانیش لەگەڵ ئەم کاروانانەی مانگی سووری تورکی بەڕێوەن ! .